**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار:٣٧**
**مێژووی بڕیار:١٩٩٢/١١/٢١**

## «بڕیار»

بەپێ ی حوکمی برگەی(١)ی ماددەی (٥٦) لەیاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ ولەسەر پێشنیازی وەزیری کاروباری پێشمەرگە وبڕیار لەسەردانی ئەنجوومەنی وەزیران. ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٢١/١١/١٩٩٢دا ئەم بڕیارەی دا:

١- بەمەبەستی نەمری دان بە یادی قوربانی یەکانی جەریمەی بوردمانکردنی(هەڵەبجە)ی شەهید بەچەکی کیمیایی لەڕۆژی ١٦/٣/١٩٨٨دا وبەنیازی وەفاداری بۆ شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ی کوردستان، ڕۆژی(١٦/ئازار) دەکرێتە ڕۆژی شەهید.
٢- ئەو ڕۆژە لە هەموو ساڵێکدا بەڕۆژێکی ماتەمینی ی رەسمی دادەنرێ لەسەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراقدا.
٣- دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکا.
٤- ئەم بڕیارە لەڕۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی رەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**نەژاد احمد عزیز ئاغا**
**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**